# بیری ئاینی حاجی قادری کۆیی

پ.ی. د.ئاراس محمد صالح

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان

بەشی بنەماکانی ئایین

## پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتی ئیمان و ئیسلام، سلاّو و دروودو ڕەحمەتی خوا لەسەر پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەربێت)، هەروەها لەسەر هاوەلاّن و شوێنکەوتوانی لە زانایان و دانایانی ڕێبازەکەی هەتا ڕۆژی دوایی.

لەبەر ئەوەی شاعیران و خوێندەوارانی کورد هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش دەرچووی حوجرەو خوێندنی مزگەوت و پرۆگرامی ئایینی بوون، هەر لەبەر ئەمەیشە دەبینین کە هەژمورونی ئایین لەناو شیعرو نووسین و دنیابینیاندا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە، هەروەها ئەو دنیابینی و هەژموون لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، هەر لە شیعری ئایینی و تەصەوف و عیرفانەوە بیگرە هەتا دەگاتە شیعری نیشتمانی و کۆمەلاّیەتی.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی درەنگ دوای شیعر دەرکەوتووە، هەر ئەمەیش وایکردووە شیعر تەنها دەروازەیەك بێت کە خوێندەوارانی کورد لەو ڕێگەیەوە ئەندێشەو دنیابینی خۆیان تۆمار کردووەو بە کۆمەلگەیان گەیاندووە، شاعیرانی کورد لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەولّی گۆڕین و پێشخستنی مرۆڤی کوردیان داوە با ئەو هەنگاوە ئەرکی شیعریش نەبووبێت، بەلاّم تەنها بواری گەیاندنی پەیامەکانیان بووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆی گشتی خەلّکی بەخوێندەوارو نەخوێندەواریەوە.

یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی کورد حاجی قادری کۆییە کە هەولّیداوە لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە گەلەکەی لە پاشکەوتوویی ڕزگار بکات و بە بیری پێشکەوتن و گۆڕانەکانی سەردەم ئاشنایان بکات، حاجی قادر لە ڕێگەی شیعرەوە بانگی چاکسازی ئایینی دەکات و داوا دەکات کە ئایین لە هەندێ سروتی تاکەکسی و قولّبوونەوە لە چەند بابەتێکی ماوە بەسەرچوودا کورت نەکرێتەوە، هەروەها هەولّی ئەوەی داوە کە تێگەیشتنی هەلّەی چەند چەمکێکی ئایین ڕاست بکاتەوە، لەهەمان کاتدا داوا دەکات ئایین بکرێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی میللەت و ڕووکردنیانە خوێندن زانیاری و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، ئەم شاعیرە پایە بەرزە بڕوای وابووە کە دەکرێت ئایینی ئیسلام بکرێتە ڕێگەچارەی ئیصلاّحی کۆمەلّ و پێشکەوتنی لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی ژیاندا.

حاجی قادر شاعیرێکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە ویستوویەتی لە ڕێگای شیعرەکانیەوە هەستی خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەی لە دلّی میللەتەکەیدا بەهێز بکات، لە هەمان کاتدا داوا دەکات میللەتی کوردیش وەك

هەموو گەلانی تری جیهان بە مافی چارەنووسی خۆی بگات و لە پاشکەوتوویی و نەزانی و بێ دەوڵەتی ڕزگاری ببێت، حاجی قادر شاعیری بیری نیشتمانی و هۆشیاری نەتەوەییە، هەروەها لە هەمانکاتدا یەکەم شاعیری بیری چاکسازی و نوێکردنەوەی ئایینیشە کە لەڕێگەی شیعرەکانیەوە بانگەوازی بۆ کردووە.

ڕێبازی توێژینەوە: توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی بەڵگەنامەیی و پشت بەستن بەسەرچاوەی کتێبخانەیی دەنووسرێت.

**کێشەی توێژینەوە:** ئایا حاجی قادری کۆیی بیری ئایینی هەبووە؟ چۆن لە ئایینی ڕوانیوەو هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئایینەوە گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە؟ ئایا حاجی قادر لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە هەوڵی چاکسازی ئایینی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی داوە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** نەبوونی سەرچاوە لەسەر ژیانی حاجی قادر لە شاری ئەستەمبوڵ، کە زیاتر لە (٣٠) ساڵ لەو شارەدا ماوەتەوەو گۆڕانی گەورە بەسەر ژیان و بیرو دنیابینیدا هاتووە، ئایا پەیوەندی بە کام دەستەوە ڕێکخراوەو هەبووە؟ یان کامە بیروبۆچوونی ئەو سەردەمەی بەلاوە پەسەند بووە بۆ ڕزگاری نیشتمانی و چاکسازی ئاینی و کۆمەڵایەتی؟ ئایا کەوتووەتە ژێر کاریگەری چ بیروباوەڕ و ئاراستەیەکی فکریەوە.

هەروەها نەبوونی ڕاڤەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر شیعرە ئاینیەکانی حاجی، هەر ئەمەیش وای کردووە توێژەر زیاتر خۆی ڕاڤەی شیعرەکان بکات و ئاماژە بەسەرچاوە نەکات.

زۆرێك لەو کەسانەی قسەیان لەشیعرەکانی حاجی کردووە، زیاتر ئاماژەیان کردووە بۆ شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی حاجی قادر، هەندێ جار هەوڵیان داوە بەرگی ئایین لەبەر ئەو شاعیرە خوناس و هۆشیارە دابکەنن و وەك کەسێکی دوور لەبیروباوەڕی ئاینی وێنای بکەن، هەر ئەمەیش وای کردووە کاتێك لێکۆڵینەوە لە بیری ئایینی حاجی دەکرێت لەناو شیعرەکانیدا سەرچاوە کەم دەست بکەوێت.

## سەرەتا

## کورتەیەك لە ژیانی حاجی قادری کۆیی

حاجی قادر ناوی (قادر)ە باوکی ناوی (ئەحمەد)ە، بەپێی بۆچوونی (ڕەفیق حیلمی) ساڵی (١٢٣٢ك بەرامبەرە بە ١٨١٧ز) بەساڵی لەدایك بوونی حاجی داناوە[١]، بەڵام بۆچوونی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) حاجی قادر لە ساڵی ١٨١٥ز لەدایك بووە[٢]، هەروەها هەندێ بۆچوونی تر هەن کە ساڵی لە دایك بوونی ١٨١٦ز یان ١٨١٧ز دادەنێن[٣]، بەڵام مامۆستا مەسعود محەمەد لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ساڵی لەدایك بوونی حاجی بە ١٨٢٤ز، داناوە[٤].

[١]- ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٠ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل٨٧.

[٢]- عەلادین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم ١٣٩١ هەتاوی، بلاْوکراوەی کوردستان، سنە، ل ٣٣٥.

[٣]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، موحەمەدی مەلا کەریم، سەعید کەرەمی، چاپی دووەم ١٣٩١هەتاوی، بلاْوکراوەی کوردستان، سنە، ل١٩-٠٢٠.

[٤]- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی یەکەم، ل

بەلاَم ئەوەی جێگەی گومان نیە ئەوەیە کە حاجی لە گوندی گۆڕقەرەجی سەر بە شاری کۆیە لە دایك بووە، ئەم منالە بەهرەمەندە هەر بە منالی باوکی کۆچی دوایی کردووە، دایکی حاجی لەبەر هەژاری و نەداری لەگەلّ منالەکەیدا ڕوو دەکەنە شاری کۆیە، لەو شارەداو بەهاوکاری ئاغاکانی کۆیە ئەو منالە بەهرەمەندە بەپێی باوی ئەو سەردەمە دەخرێتە بەرخوێندن، سەرەتای خوێندنی ئاینی لە کۆیە تەواو دەکات، پاشان بۆ خوێندن زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە، وەك هەولێر، سلێمانی، سەردەشت، سابلاّخ، شنۆ، ناوچەی خۆشناوەتی و بالەکەیاتی.

پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە کۆیەو لەگەلّ مەلا عەبدولاّی جەلیزادە پێکەوە لەشاری کۆیەدا وەك دوو مەلای ناسراو زۆر نێوانیان خۆش دەبێت، حاجی قادر لەگەلّ هەندێ بەناو شێخدا نایکرێت و ڕەخنەیان لێدەگرێت، ئەم بیرە نوێخوازو سەربزێویەی حاجی دەگاتە ئاستێك کە ئەو بەناو شێخانە بۆیان قبولّ ناکرێت و ململانێی توند لە نێوانیاندا دروست دەبیت و لە ئەنجامدا حاجی ناچار دەبێت بیر لە دورکەوتنەوە لە کۆیە بکات[5].

لەدوای توند بوونی ئەو ململانێیەوە حاجی لەگەلّ کەیفی جوانڕۆیی شاعیردا ڕوو دەکەنە هەولێر، لە پاشان لە سالّی ١٨٦٤ز، دا، بەرەو شاری ئەستەمبولّی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆچ دەکەن و لەو شارەدا نیشتەجێ دەبن، لە دوای گیرسانەوەی حاجی لەو شارەدا دەبێتە مامۆستای منالی بەدرخانیەکان، تێکەلاّوبوونی حاجی بە بنەمالەی بەدرخانیەکان و مانەوەی لە شارێکی فەرهەنگی و جێگەی کۆبوونەوەی ئازادیخوازانی ئەو سەردەمەو خالّی بە یەکگەیشتنی هەردوو شارستانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاّت کاریگەری زۆریان دەبێت لەسەر بیرکردنەوەو جیهانبینی حاجی[6]. هەر ئەمانە وا دەکەن کە حاجی زیاتر بیری چاکسازی و نوێکردنەوەی ئایین و نیشتمانپەروەری تێدا گەشە بکات، هەموو ئەمانەیش لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

حاجی قادر دوای بەسەربردنی تەمەنێکی درێژ کە زۆربەی لە غوربەت و دووره ولاّتی بەسەر بردووە، بەتایبەتی کە کۆتایی تەمەنی لە ئەستەمبولّ گوزەراندوە، لەسالّی ١٨٩٧ز، لە ئەستەموولّ کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش بە خاك سپێراوە[7].

## باسی یەکەم

## هۆیەکانی پێگەیشتنی حاجی قادری کۆیی

بێگومان هەرکەسایەتییەك سیاسیی بێت یان ڕۆشنبیری یاخود هەر داهێنەرێکی تری مێژووی مرۆڤایەتی پێویستی بە کۆمەلە هۆیەکی زاتی و بابەتی هەیە بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی بدات و بتوانێت بگاتە ئاستێك کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەلّ و لە ئاست گۆڕانکاری بەرچاودا بێت، لەم ڕووەوە کۆمەلێك هۆ یارمەتی پێگەیشتن و دنیابینی حاجی قادریان داوە، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆیانە دەکرێت لەوانە:

**یەکەم: شاری کۆیەو خوێندنگە ئاینیەکانی:** شاری کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان و لەبەر ئەوەی کەوتووەتە سەر ڕێگای شارەزوورو موسلّ و شامەوە بەدرێژایی مێژوو شوێنێکی زیندوو بووە، بەلاّم لەم

---

5- بڕوانە، محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم ٢٠٠٨ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل ٥٣ بەدواوە.

٦- بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢ل ٢٦٢-٢٦٣.

٧- کەمال فوئاد، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٣) ٢٨ژوالحجە ١٣١٥هـ، ئەم مێژووە بەرامبەرە بە ١٨٩٧ز. بڕوانە: د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپی یەکەم ١٩٧٨ بەغداد، ل١٥٥-١٥٦.

توێژینەوەدا توێژەر جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆژگاری حاجی قادر چونکە ئەو سەردەمە کاریگەری لەسەر پێگەیشتنی حاجی قادر هەبووە.

سەرەتای ژیان و چاوکرانەوەی حاجی لە کۆیەدا بووە، لەو شارەدا حاجی بەپێی باوی ئەو سەردەمە دەخرێتە بەرخوێندنی ئاینی لای مەلا ئەحمەد هۆمەرگومبەتی سەرەتاکانی خوێندنی حوجرە دەخوێنێت، لەو ڕۆژگارەدا کۆیە شارێکی ئاوەدان بووە بە پێوەری ئەو سەردەمە و دانیشتوانەکەی زیاتر لە چوار هەزار ماڵ بوون، ئەمەیش بۆ ئەو سەردەمەی کوردستان ئاستێکی باش بووە[٨]، هەروەها بزاڤی خوێندن و خوێندەواری بەبەراورد بە شوێنەکانی تری کوردستان لە ئاستێکی باش و مەڵبەندێکی ئاینی گرنگ بووە، لەسەرەتای سەدەی هەژدەو نۆزدەدا بوژانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە[٩].

چەند بنەماڵەیەکی زانستی لەو شارەدا دەرکەوتون، وەك بنەماڵەی خەتیب، ئیمام، دایە خەجێ، خادیم، تەیب، نازەنینی، جەلی، ئەم شارە لە سەدەی یازدەی کۆچی بەدواوە گەشانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ژمارەیەکی زۆر کتێب و دەستنووسی ئەو ماوە مێژوویە گرنگە ئێستا ماوەتەوە کە زانایان و فوتابیانی ئەو شارە نووسیویانەتەوە، لە زۆر شوێنی کوردستانەوە زانایان و فوتابیانی زانست ڕوویان لەو شارە کردووەو لە زانستی زاناکان و فوتابخانەکانی بەهرەمەند بوون، بەتایبەتی کاتێك ئەو شارە دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی بابانەکانەوە لەسەدەی هەژدەی زاینیەوە کە سەردەمی دەستپێکردنی ژیان و زانستی و خوێندنی حاجی قادرە، میرانی بابان چەند فوتابخانە لەو شارەدا بنیات دەنێن و گرنگی زۆر بە ژیانی ڕۆشنبیری دەدەن[١٠]، مامۆستا بۆ خوێندنگەکانی دابین دەکەن و کتێبیان بۆ وەقف دەکەن و هانی زاناکانی دەدەن لەسەر دانانی کتێب و نووسینەوەی دانراوە بەنرخەکان[١١].

لەساڵی (١٨١٢ز)دا کاتێك عەبدولرەحمان پاشای میری بابان دەست بەسەر شاری کۆیەو دەوروبەریدا دەگرێت داوا لە مەلا عەبدولرەحمانی جەلی دەکات  کە بچێتە شاری کۆیە لەبەر ئەوەی زانایەکی گەورەو ناسراو بووە، میری بابان لەو شارەدا مزگەوت و خوێندنگەی بۆ دەکاتەوەو ژمارەیەك گوندی لەسەر وەقف دەکات، بۆ دابینکردنی پێویستی خوێندنگەکەو فوتابیەکانی، هەروەها دەستنووسە بەنرخەکەی (صحيح البخاري) لەسەر بنەماڵەی جەلیزادە وەقف دەکات، بنەماڵەی جەلیزادەو خوێندنگەکەیان کە هاوکات بووە لەگەڵ سەردەمی حاجی قادری کۆییدا لەو شارەدا، ئەم هەوڵەی میری بابان ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە پێشخستنی زانست و ڕۆشنبیری لەو شارەدا[١٢].

**دووەم: زیرەکیی بلیمەتیی حاجی:** زۆرێك لەو کەسانەی باسیان لە حاجی قادرو شیعرەکانی کردووەو باسیان لە زیرکی و بلیمەتی ئەو شاعیرە نوێخوازە کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن ڕەنگە ئەگەر حاجی بلیمەت نەبوایە وەك

---

[٨]- محمد بن احمد المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي الى العراق، ترجمة: عباس العزاوي، الطبعة الأولى لشركة دار الوراق ٢٠٠٨، ص ٨٧. ئەم گەڕیدەیە لە ساڵی (١٨٢٠ز) دا سەردانی کۆیەو کوردستانی کردووە.

[٩]- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٠ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی چوارەم، ل ٣٤-٣٥.

[١٠]- محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى، مطبعة التمدن، بغداد، ص٣٤.

[١١]- د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كوردستان، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، أربيل، ص ١٤٤ الى ١٥٣.

١٢- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم ١٣٨٩هەتاوی- سنە، ل ٣٢٨ بەدواوە. هەروەها: الدكتور جواد فقي على الجوم الحيدري، محمد بن عبدالله الجلي (مەلای گەورە)، الطبعة الأولى ١٤٢٧هـ-٢٠٠٦م، مكتب التفسير- أربيل، ص ٨٥-٨٦.

هەر فەقێیەکی سەردەمی خۆی ببوایەتە مەلایەکی ئاسایی و ژیانێکی سادەی بۆخۆی بگوزەراندایە، بەڵام حاجی لەبەر بلیمەتی و دنیابینی خۆی زۆر لەوە گەورەتر بیری کردوەتەوەو هیواو هەنگاوی گەورەی ناوە.

ماموٚستا محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ: حاجی هەر لەسەردەمی فەقێیەتیدا پیاوێکی زیرەك و تێگەیشتووی بەری ئاسۆی بیری فراوان بووە، هەستی وەکو هەستی مەلاکانی تری کوردستان نەبووە[13]. هەر ئەو بیرفراوانی و بلیمەتیە وا لەحاجی دەکات کە زۆر توند بەگژ هەموو ئەو کاروکردەوانەدا بچێتەوە کەلەگەڵ ئایندا یەکناگرنەوەو بەناوی ئاینەوە میللەتیان پێ دەڕوتێنرایەوە.

ماموٚستا (هێمن)ی شاعیر لەباسی حاجی قادردا دەڵێ: حاجی ئینسانێکی واقیعی و ڕابەرێکی زانا و مەزن و ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕو بەجەرگ بووە، ئەو ویستوویەتی شۆڕشێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی لە کوردستان بەرپا بکا، نەتەوەکەی لە ژێردەستی و کۆیلەیەتی، لە هەژاری و نەداری، لە نەزانی و نەخوێندەواری نەجات بدا، ئەو ویستوویەتی بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجەکەی خۆی لە هێزو توانای هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵ کەڵك وەربگرێ[14].

ئەم منالە بێباوکە بەردەوام دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن، ئەگەر زیرەکی و ئاوات و چاوکرانەوەی نەبوایە لەوانەبوو لەبەر ناگزووریی ژین دەست لەخوێندن هەڵگرێت و دەستی گیربێت لەشاگردی یەکێك لە پیشەگەرانی بازاڕی کۆیە و بژێویی خۆی پێ دابین بکات، بەڵام ئەو مندالە زیرەکە بۆ ئەوە دروست کرابوو کە بخوێنێ و لە خوێندنیشدا سەرکەوێ و لە زانستەکانی ئەوکاتەدا شارەزا بێت و لە نهێنیەکانیان تێبگات، هەر ئەمەیش وا لەو منالە بەهرەمەندە دەکات زۆر ناوچەی کوردستان بەدوای زانست و فێربووندا بگەڕێت[15].

بێگومان حاجی ئەگەر زۆر زیرەك و هۆشیار نەبوایە منالێکی بێباوك ودایك و بێدەرتان خۆی گوتەنی بێ کەوش و بێ کالەو بەپێی پەتی نەیدەتوانی درێژە بە خوێندن بدات و زۆر ناوچەی کوردستان بگەڕێت و لای زانا ناسراوەکانی سەردەمی خۆی بەهرەمەند بێت، هەروەها لەدوای تەواوکردنی خوێندن ڕووبکاتە شارێکی وەك ئەستەمبوڵ و درێژە بەڕاژەی ڕووناکبیری و جیهانبینی خۆی بدات.

**سێیەم: کاریگەری بیری ئیبنوئادەمی باڵەکی:** مەلا محەمەدی ئیبنوئادەمی باڵەکی (١٧٥٠-١٨٢٢ز) یەکێك بووە لە زانا گەورەکانی کوردستان، ئەم زانا گەورەیە لەسەردەمی خۆیدا وەك زانایەکی ئاینی زۆر دژی هەموو کارێکی خراپ و دزێو بووەو بەگژ ستەم ناڕەوایدا چووەتەوە، هەر لەبەر ئەو هەڵوێستە ئازایانەی تووشی دەرکردن و دژایەتی کردنی زۆر بووەتەوە لە ڕۆژگاری خۆیدا[16]، هەرچەندە حاجی قادر لای ئەو زانا گەورەیە نەیخوێندووە بەڵام لای مەلا ئەحمەدی ئیبنوئادەمی کوڕی خوێندوویەتی لەڕێگەی ئەوەوە بە بیرو هەڵوێستی ئیبنوئادەم ئاشنا بووە، بێگومان ئەو هەڵوێست و بۆچوونانە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو دنیابینی حاجی قادر هەبووە.

مەلای ئیبنو ئادەم ئەوەندە هەقدۆست و ئازاو ناسراو بووە بوێژێکی ئەو ڕۆژگارە بە شێخ نەبی ماویلی ڕکەبەری حاجی قادر بڵێ:

---

١٣- محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم ٢٠٠٨، دەزگاری ئاراس- هەولێر، ل١٨.

[14] - هێمن، هەواری خاڵی سەرجەمی نووسینی هێمن، چاپی دووەم ٢٠٠٦ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل٤٧.

[15] - عەبدولرەزاق بیمار، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی حاجی قادری کۆیی لە ژین و هەڵبەستیدا، بلاٌوکراوەی ڕۆڤار، ژمارە ٥٠، ل٦.

[16] - مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەخرەکەیی مێژووی زانایانی کورد، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، دەزگاری ئاراس، هەولێر، بەرگی سێیەم، ل٢٧-٣١.

(ست عشر) ژنیەتی بە مەزهەبی حیماری

ئیبنوئادەم نەماوە سەری پان کا وەك ماری[١٧].

ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێ کەهەر ساتێك ئیبنوئادم بیستبێتی کاری بێشەرعی دەکرێ لە جێگەیەکی ئەو دەستی بیگاتێ بۆخۆی بەرهەڵستی ئەو بێشەرعیەی کردووەو سزای تاوانباری داوە[١٨].

ئەم وتەیە بەڵگەیەکی ئاشکرای غیرەتی ئاینی و جەسارەت و دەنگدانەوەی ناوبانگی مەلای ئیبنوئادەمە لەناو کۆمەڵگەی ئەوسەردەمەی کوردەواریدا، بێگومان ئەم هەڵوێستە دینیە بۆ دوای خۆی کاریگەری دەمێنێ، بەتایبەتی لەسەر کەسە نزیك و هەوادارانی، چوونی حاجی قادرو مەلا عەبدولای جەلی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و بەهرەدار بوونیان لە خوێندنگەو قوتابیەکانی ئیبنوئادەم کاریگەری هەبووە لەسەریان.

مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێ: یەکێك لە سەرچاوەکانی ئیلهام بۆ حاجی قادر لە مەیدانی پڕانی مێشك و ڕەوشەنی بینین و ئارا بوون لە کۆمەڵدا بیروباوەڕو هەڵوێستەکانی ئیبنوئادەم بووە، ڕەنگە ئەمە لەو ڕاستیانە بێت دەمەتەقە هەڵنەگرێ، بەلاّم ئایا لەم ڕێبازەدا تا کوێ چوون و ئیبنوئادەم بەکام پایەی ئازایی حەقپەرستی و ڕووناکی بینینی گەیاندووە؟ هاوشێوەی هەیە لە نێوان هەڵوێست و حەقپەرستی و هەستی کوردانەی هەریەك لە مەلای ئیبنو ئادەم و حاجی قادری کۆیی دا بۆیە ڕەنگە بابەتی کاریگەری مەلای ئیبنو ئادەم لەسەر ئەندێشەو پێگەیشتنی حاجی قادر جێگەی مشتومڕ نەبێت[١٩].

**چوارەم: گەشتی ئەستەمبوڵ:** ئەم شارە پایتەختی گەورەترین دەسەلاّتی سیاسی جیهانی ئیسلامی بووە لەو سەردەمەدا، لەهەمان کاتدا خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو شارستانی ئەوروپاو ڕۆژهەلاّتی ئیسلامی بووە، شوێنی کۆبووونەوەی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی نەتەوە جیاوازەکان بووە، هەموو ئەمانەیش وادەکات ئەو شارە ببێتە ناوەندێکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری گەورە بە پێوەری ئەو سەردەمە، ئەستەمبوڵی ئەو ڕۆژگارە جێگای کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخوازانی ولاّتانی عوسمانی بوو، لە کورد و عەرەب و ئەرمەنی و زۆرنەتەوەی تر کە لەو سەردەمەدا لە تێکۆشانا بوون بۆ ئازادی و سەربەستی خۆیان، ئەستەمبووڵی ئەو ڕۆژگارە دەیان کۆمەڵ و پارتی نهێنی لەهەموو نەتەوەکان تیابوو کە ئیشیان بۆ ڕزگارکردنی ولاّتانی خۆیان ئەکرد، هەزاران کتێبی نوێ و گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەوروپای تیابوو کە بیرێکی تازەیان ئەدا بە خوێندەوارو مێشکیان ئەکردەوە و شارەزای وەزعی گێتیان ئەکرد، لە ئەستەمووڵی ئەو ڕۆژەدا پیاو ئاگاداری ئەو ژێربەژێرە و پیلانانە ئەبوو کە بۆ هێشتنەوەی ژێردەستی گەلان و بۆ سەرپانکردنەوەی هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ئەنرایەوە.

حاجی گەیشتە ئەستەمبووڵ و ئەو وەزعە تازەیەی بینی و بیری لە کوردستان و حاڵی میللەتی کورد کردەوەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی تازەی خوێندەوە لە ڕێگای بەدرخانیەکانەوە گیانی نەتەوایەتی تیا بزوایەوەو ڕێگای ڕاستی خۆی دۆزیەوە[٢٠].

---

[١٧]- مەسعوود محەمەد، کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل٤١٩. هەرچەندە قسەی ئەوە هەیە ئەم دێڕە شیعرە هی حاجی قادر بێت، بەلاّم نەتوانراوە ئەوە ساغ بکرێتەوە بەپێی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو.

[١٨]- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی دووەم، ل٦٧-٦٨.

١٩- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٨٨.

٢٠- محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم ٢٠٠٨، دەزگاری ئاراس- هەولێر، ل٢٠-٢١.

**پێنجەم: کاریگەری بنەماڵەی بەدرخانیەکان و (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی:** بەدرخانیەکان بنەماڵەیەکی سیاسی و خوێندەواری کورد بوون لە سەدەی نۆزدەهەم و هەتا سەدەی بیستەمیش ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی بەرچاویان هەبووە لە مێژووی گەلەکەیاندا، لەکاتی چوونی حاجی قادردا بۆ ئەستەمبوڵ ئەو بنەماڵەیە لەو شارەدا هەرچەندە زۆربەیان دەستبەسەر بوون بەڵام وەك بنەماڵەیەکی ناسراو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوون، حاجی دەچێتە لایان و لەهەمان کاتدا دەبێتە مامۆستای منداڵەکانیان، مانەوەی حاجی لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەوارو سیاسی وەك بەدرخانیەکان بێگومان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کەسێکی هۆشیاری وەك حاجی قادر.

حاجی قادر لە شارێکی وەهادا و تێکەڵاوبوونی بە بنەماڵەی بەدرخانیەکان و ئاشنابوونی بە بیروبۆچونی شاعیری کورد ئەحمەدی خانی لە ڕێگەی خوێندنەوەی (مەم و زین)ەوە، هەموو ئەمانە کاریگەریی گەورەیان دەبێت لەسەر گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینی حاجی قادردا[21].

حاجی قادر لە چەندین جێگەداو لە زۆر دێڕە شیعرو بۆنەی جیاوازدا سەرسوڕمانی خۆی بە ئەحمەدی خانی دەرد ەبڕێت و باس لە گەورەیی ئەو شاعیرە بەهرەمەندەو شیعرەکانی دەکات، وەك لە لەم دێڕە شیعرانەدا دەڵێ:

ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە     لەدونیا ئێستەکێ هەمتای نەماوە

لە مەجموعی دوەل سۆران و بۆتان     لەسایەی ئەم کتێبە ناسراوە

لە کوردان غەیری حاجی خانی     ئەساسی نەزمی کوردی دانەناوە[22].

لێرەدا حاجی ستایشێکی زۆر گەورەی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی دەکات و داوا لە کوردان دەکات نرخی بزانن، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا لە دونیادا هاوتای ئەو کتێبە نیە، لێرەدا حاجی دەیەوێت گرنگی و بەهای ئەو کتێبە بۆ نەتەوەکەی ڕوونبکاتەوە بۆیە بەو شێوەیە باسی دەکات، لەهەمان کاتدا حاجی باس لەوە دەکات کەلەو شاکارەدا مێژووی کورد تۆمار کراوەو لەڕێگەی ئەو کتێبەوە کورد و ڕوداوەکانی مێژووی کوردستان ناسراوە، ئاماژەیەکی زۆر ڕاشکاوانەیە کە (مەم و زین)ی خانی چامەیەکی نەتەوەییە پێش ئەوەی چامەیەکی سۆزداری و ئەڤینی بێت و حاجی هەر بەو شێوەیە لێی تێگەیشتووە، حاجی قادر وەك شاعیری گەلێکی ژێردەست کەسێکی تێکشکاو نیەو زۆر بڕوای بەخۆی و نەتەوەکەی هەیە، بۆیە دەڵێ: غەیری حاجی قادرو ئەحمەدی خانی کەس بناغەی هۆنراوەی کوردی دانەناوە، لەپێش حاجی و ئەحمەدی خانیشدا کورد شاعیری زۆری هەیە، بەڵام ڕەنگە حاجی مەبەستی ئەوە بێت پێش ئەوان کەس بانگەوازی نیشتمان و ئازادی میللەتی نەهۆنیوەتەوە.

## باسی دووەم

## بیری ئاینی حاجی قادری کۆیی و هەڵوێستی لەسەر تەسەوف و شێخایەتی

بێگومان حاجی قادری کۆیی دەرچووی خوێندنی مزگەوت و مەلایەکی ئاینی حوجرەکانی کوردستان بووە، ئەمەیش وای لێکردووە هەموو هەنگاوەکانی و ڕۆشنبیری و جیهانبینی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵام لە ئاسۆیەکی فراوانترو لە دنیابینیەکی گەورەترەو تەفسیری ئاینی کردووە، حاجی قادر بڕوای وابووە کە دەتوانرێت تەوزیفی ئاین بکرێت بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت

[21] - بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم ١٩٨٥- بەغداد، بەرگی یەکەم، ل ١٣٨-١٣٩.

[22]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١١٨.

بنەماکانی ئیسلام بکرێتە بیری ڕزگاری و بەرەو پێشبردنی گەلان، حاجی هەموو ئەو داهێنراو و گۆشەگیرکردنی ئاینی لە گۆشەیەکی تەکیەو خانەقادا و بە کەسێتی (شخصنة) کردنی ئاینی ڕەتکردووەتەوەو داوای ڕیفۆرم و نوێکردنەوەی کردووەتەوەو هەموو ئەم بۆچوونانەیش لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو توێژەر لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکات.

لەسەردەمی حاجی قادردا ڕەوشی ئاینی لەبەرگی تەسەوفدا پراکتیزە دەبوو، هەرچەندە تەسەوف لە سەردەمێکی زۆردا خزمەتی بە ئاین و تاکی موسڵمان کردبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو قەیرانە قوڵەی ڕێبازە سۆفیگەریەکان تێکەوتبوو[23]، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی (استغلال) تەسەوف لەلایەن هەندێ کەسی بەناو شێخەوە بۆ مەبەستی دنیایی خۆیان تەسەوفیش بوو بووە بەشێك لەو سیستمە دەربەگیەی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا لەگەشەکردندا بووە[24].

خودی حاجی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێبازی سۆفیگەری لەسەردەمێکدا خزمەتی ئاین و میللەتی کردووە، بەڵام لەسەردەمی حاجی قادردا ئەو تێزو پێزەی نەماوەو بۆیە ڕەخنەی لێدەگرێت، حاجی بیر ڕوناك مێژوو سفر ناکاتەوەو لە سەرەتاوە دەست پێناکات، ئەو ڕێز لەو مێژووە دەگرێت و هەوڵە دروستەکانی پێش خۆی بەرز دەنرخێنێ، هەر بۆیە لە شیعرێکیدا زۆر ستایشی کەسێکی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات کە ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندیە لە کوردستانداو بەسەرچاوەی زانست و ڕابەری کامڵی تەریقەت ناوی دەبات و دەڵێ:

مەعدەنی عیلم و عالیمی عامیل... قوتبی دەوران و مورشیدی کامیل

هەر لە ئەوەڵ جەنابی "مەولانا"... نەقشبەندی ڕەواقی ئیللەڵلا[25].

لێرەدا حاجی باسی لە ڕێبەری تەریقەتی تەسەوفی نەقشبەندی دەکات کە مەولانا خالیدی نەقشبەندیە، بەسەرچاوەی زانست و زانیاری ناوی دەبات و بەزانایەکی دادەنێت کە کاری بەزانستەکەی کردووە، باشترینی زانایان ئەو کەسانەی لە ئاینی ئیسلامدا کە کار بە زانستەکەیان دەکەن، بۆیە حاجی بە زانای (عامیل) ناوی دەبات، لە هەمان کاتدا بە قوتب و ڕێبەری تەواوی تەریقەت (المرشد الكامل) وەسفی دەکات.

لە دێڕە شیعرێکی تردا لەبارەی مەولانا خالیدەوە دەڵێ:

قوتبی زەمانە خالید وەك من بووە ئاوارە

بێ قەدرو قیمەت و شان، بێ خانمان و بێ نان[26].

حاجی ئاوارەیی مەلاونا خالید لەگەڵ ئاوارەیی و دووره وڵاتی خۆی هاوشێوە دەکات و مەبەستی لەوەیە چۆن ئەم وەك شاعیرو مەلایەکی ڕیفۆرمخواز و ڕازی نەبوو بەو واقیعە دواکەوتوو داخراوەی سەردەمەکەی خۆی و بەگژ هەموو دیاردە ناڕەواو دزێوەکاندا چووەتەوە هەر ئەمەیش تووشی دەربەدەری و کۆچکردنی کردووە،

---

[23]- د. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، الطبعة الأولى ٢٠١٢م، دار الزمان، دمشق- سورية، مكتب التفسير- أربيل، ص ٤٥١.

[24]- بڕوانە: خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم ٢٠١٢ز، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ك) سلێمانی، ل ١٦٢ بەدواوە.

٢٥- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٢٠.

٢٦- حاجی قادری کۆیی ، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٣-٢٣٤.

کەواتە بەهەمان شێوە مەولانا خالیدیش داوای ئیصلاحی کردووەو لە ئاست کاری ناڕەوا بێدەنگ نەبووە بۆیە وڵات بەدەر کراوەو غوربەتی کردووەتە نیشتمانی خۆی.

حاجی کێشەی لەگەڵ خودی تەسەوف و ڕێبەری ڕاستەقینەی تەسەوفدا نیە کە لە خزمەتی پەیامی ئاین و میللەتدا بێت، ئەو کێشەی لەگەڵ بەکارهێنانی تەسەوفدایە بۆ بەنجکردنی میللەت و بەکارهێنانی بۆ ڕووتانەوەی چینی هەژار و خۆژیاندنی کۆمەڵێك کەسی نەزان و نەخوێندەوارە بەسەر ئاین و تەسەوف و بەناوی دینەوە[27].

لە هۆنراوەیەکی تردا حاجی باس لەوە دەکات لە سەردەمی پاشای کۆرەو میری باباندا مەلای خوێندەوارو چاك زۆر بووەو بەڵام لە ڕۆژگاری حاجیدا ئەو گەشانەوە زانستیە نەماوەو ئەوانەیشی کە بوون لە ڕێگای ڕاستی ئایینداری لایانداوەو ڕەخنەیان لێدەگرێت و دەڵێ:

یەك بەیەك بوونە خائینی دەوڵەت... خائینی موڵك و دوشمنی میللەت

تا تەعیناتی کۆر لاڵ مابوو... لە گەڵێ دێیەکان مەلای چابوو

ئەو دوانە بەڕەحمەتی خوا چوون... شارەکان بێ مەلا و مودەڕیس بوون[28].

حاجی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەسەردەمی میری (کۆر و لاڵ) مەبەستی لەکۆر پاشای کۆرەی ڕەواندزەو لە (لاڵ) مەبەستی سلێمان پاشای بابانە، کە لەسەردەمی ئەو دوو میرەدا، مزگەوت و خوێندنگەکان ئاوەدان بوون و لە زۆربەی دێهاتەکاندا مەلای باش هەبووە، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو دوو میرنشینە بوژانەوەی زانستی ڕووی لە کزی کردووە[29].

حاجی قادر بەشێك لەهەوڵی چاکسازی و شیعرەکانی بەکار دەهێنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی و دوورخستنەوەیان لەو ناوەندو بیرکردنەوانە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئاین بەو ڕەوشە ڕازی نیەو ئەو جۆرە بەناودینداریە لە ئاینی ئیسلامدا بوونی نیە، لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

خانەقاو شێخ و تەکیەکان یەکسەر... پێم بڵێ نەفعیان چییە ئاخر

غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن... جەمعی ئەملاك و خەزنە کۆکردن

دەفعەیەك ئیمتیحانیان ناکەن... تێبگەن زەهرە یانە تریاکن

لە مەحەکی بدەن ئەگەر وەکو زەڕ... تێدەگەن ڕێگرن وەیا ڕەهبەر[30].

لێردا حاجی جاڕی شۆڕش دەدات لە دژی تەکیەو خانەقاکان لە کوردستاندا، ئاماژە بەوە دەکات ئەو ناوەندانە هیچ سود و قازانجێکیان نەماوەو جگە لەوەی خەڵکی فێری تەمەڵی و دوورکەوتنەوە لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و خزمەتکردنی میللەت، جگە لەمانەیش ئەو تەکیەو خانەقایانە بوونەتە جێگەی کۆکردنەوەی پارەو موڵك و ماڵ بۆ بەناو شێخەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو شێخانەی خۆیان کردووەتە ڕابەر زۆر نەخوێندەوار و نەزانن بەرامبەر بە زانستەکانی ئایین، ئەگەر تاقیبکرێنەوە ئەو کات خەڵکی دەزانێ چەند ساویلکەو نەزان و بێمەعریفەن دەربارەی ئایین و دینداری ڕاست.

---

٢٧- عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٣٤٦.

٢٨- حاجی قادر، دیوانی حاجی قادر، ل٢٣١-٢٣٢.

٢٩- مەسعوود محەممەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل ٦١-٦٢.

٣٠- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٨٨.

لە چەند دێڕە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێ:

یەعنی هەرماڵێ کرابێ بۆ خودا... کەعبەیی عەلیایە بۆ زیکرو دوعا

شکڵی تەکیەو خانەقاهی شێخەکان... واقیعەن ڕەنگینە ئەما بۆ ڕییان

لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا... فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا

مەسجید و میحراب و مینبەر بێ کەسە... هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە[31].

لەم دێڕە شیعرانەدا حاجی سکالا لە دەست ئەو حاڵەتە دەکات کە خەڵکی ناچنە مزگەوتەکان کەتەنها جێگەی خواپەرستین لە ئاینی ئیسلامدا، بەڵکو ڕوویان کردوەتە تەکیەو خانەقای شێخەکان و خەڵکی زیاتر گرنگی بەو جێگەیانە دەدەن کە بوونەتە جێگەی چاوبەستەکێ (ریا) و تەمەڵێ، بەلام مزگەوت و خوێندنگەکان کە شوێنی خواپەرستی و فێربوونی زانست و زانیارین ئێستە چۆڵ و وێرانن، جارێکی داوا دەکات کە خەڵکی ڕووبکەنە مزگەوت بۆ خواپەرستی و ڕووبکەنە خوێندن و حوجرەکان، نەك شوێنی بەناو شێخی نەخوێندەوار نەزان بکەون[32].

لە شیعرێکی تردا حاجی ڕەخنەیەکی توند لە بەندوباوی شێخایەتی دەگرێت دەڵێ:

کە پیر بوم تێگەیشتم دەستی گرتم... لە کەسب و کاری تەحسیلی مەعانی

بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە... بە ئاو نیعمەتی خەڵقە گەڕانی[33].

حاجی ئاماژە بەوە دەکات کاتێك پیر بووەو لە کۆتایی تەمەنیدا کە لەشاری ئەستەمبوڵ بەدنیای نوێ ئاشنا بووەو چاوی کراوەتەوە ئەوکاتە تەواو تێگەیشتووە کە سەردەمی فێڵ و میللەت خەڵەتاندن بەسەر چووە، هەروەها شێخ پێگەی ئاینی و کۆمەلایەتی خۆی لەدەست داوەو (قوتب) کە زاراوەیەکی سۆفیانەیە و بۆ گەورەیی شێخ بەکاردێت، ئەو قوتبەی لەدەست داوەو بووەتە قوتبی بێگیانی ئاشی ئاو کە ئەو سەردەمە لە کوردستاندا زۆر بووە.

لە دێڕە شیعرێکدا حاجی ڕەخنە لە شێوەی یاد و کۆڕی دەروێشەکان دەگرێت و کە هاوار دەکەن و هاتووچۆ دەکەن لەکاتی جەزبەو حاڵ گرتنیانداو دەڵێ:

کام حەدیس و ئایەتی موعجیز نوما

هاتووە بۆ ڕەغبەتی ڕەقس و سەما[34].

حاجی وەك مەلایەکی خوێندەوار ڕەخنە لە شێوازی دەروێشایەتی دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات ئەو شێوازە بەناو خواپەرستیە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیەو هیچ فەرمودەیەکی پێغەمبەرو (د.خ) ئایەتێکی قورئان بەڵگەی ئەو جۆرە خواپەرستیە نین و شتێکی داهێنراو دروستکراوەو پێویستە خەڵکی موسڵمان خواپەرستیەکەیان بەپێی ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بێت، حاجی لەم شیعرە و زۆر دێڕە شیعری تریدا داوای گەڕانەوەی موسڵمانان دەکات بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام (قورئان سوننەت)، ئەمەیش بەڵگەی ڕوونی بیری چاکسازی ئایینی حاجی قادرە.

---

[31]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٠٣.

٣٢- بڕوانە: عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٣٤٧.

٣٣- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٥٣.

٣٤- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٠٦.

## باسی سێیەم

## ڕیفۆرمی تێگەیشتنی ئایینی لە شیعرەکانی حاجی قادردا

ڕەنگە حاجی قادری کۆیی یەکەم قوربانی مێژووی کورد بێت کە لەپێناوی چاکسازی و دادپەروەری کۆمەلأیەتیدا تووشی ئاوارەیی بووبێت، ئەگەر (مەولانا خالید نەقشبەندی ١٧٧٦-١٨٢٧ز) قوربانی چاکسازی ئاینی بێت، ئەوا حاجیش قوربانی چاکسازی کۆمەلأیەتیە، حاجی بەهۆی ململانێی نێوان چینی ئەرستۆکراتی کوردو چینە ڕەنجکێشە هەژارەکەوە تووشی کێشە بووە، لەکاتێکدا حاجی ویستوویەتی بەگژ ئەو نادادیە کۆمەلأیەتیەدا بیچێتەوە کە لەناو کۆمەلگەی کوردیدا بەناوی شێخایەتیەوە پەیڕەو دەکرا، حاجی دەیەوێت ئەو ئیسلأحە لە ڕێگەی دینەوە بکات، چونکە بەناوی دینەوە دروستکرابوو.

برەودانی حاجی بە شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و جولأندنی بیری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، داواکردن بۆ زانست و خوێندەواری و ڕزگاربوون لە نەخوێندەواری و دواکەوتن و داواکاری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو کتێب، هەوڵدان بۆ دەرباز بوون لە کەلتوری کۆن و ڕزگاربوون لە خورافیات و ئەفسانەو ڕووکردنە مەدەنیەتی نوێ، گوزەرکردن و شکاندنی چەقبەستویی شیعری کوردی لە دۆخە باوەکەی خۆیەوە بۆ دۆخێکی نوێ، هەموو ئەمانە دەچنە بواری ئیسلأحی کۆمەلأیەتی پێشخستنی لە دۆخی داخراوەو بەرەو قۆناغێکی نوێ[٣٥].

حاجی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

**(أطلبوا علمكم ولو بالصين)**[٣٦]

نێرو مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە[٣٧].

ئیسلأحی کۆمەلأیەتی کات و توانای زۆری دەوێت و دەبێت ئاستی هۆشیاری خەڵکی بگۆڕێت و لە نەزانی و نەخوێندەواری و کەلتووری دواکەوتوو ڕزگار بکرێت و پرۆسەیەك نیە بە بڕیارو پرۆژەی کاتی چارەسەر بکرێت، خوێندن و خوێندەواری باشترین ڕێگای چاکسازی بەرەو باشتر کردنی ئاستی کۆمەلأیەتی هەر میللەت و کۆمەلگەیەکە بۆیە حاجی ڕێگای خوێندن بەیەکەم هەنگاوی چاکسازی کۆمەڵ دەزانێ و داوا لەهەردوو ڕەگەز دەکات بخوێنن، لەکاتێکدا پەنا بۆ فەرمودەکانی پێغەمبەر دەبات و لەو ڕێگەیەوە پاڵ بەخەڵکەوە دەنێت بخوێنن،

---

٣٥- بڕوانە: ئاراس ئیلینجاغی، حاجی کرمانجێك لە مەزنیدا، چاپی یەکەم ٢٠١٢کوردستان، ل٤٥.

٣٦- ئەم فەرمودە هەرچەندە زۆر مەشهورەو بەسەردەمی واعیزو گوتاربێژانەوە بووە زیاتر مەبەستیان هاندانی خەڵکی بووە بۆ خوێندن، بەلأم زانایانی فەرمودە بە فەرمودەیەکی زەعیفیان داناوە. فحديث: اطلبوا العلم ولو بالصين، قال عنه الإمام العراقي في تخريج أحاديث الإحياء: حديث اطلبوا العلم ولو بالصين أخرجه ابن عدي والبيهقي في المدخل والشعب من حديث أنس. وقال البيهقي: متنه مشهور وأسانيده ضعيفه. وقال الإمام المناوي في فيض القدير: قال ابن حبان: باطل لا أصل له والحسن ضعيف وأبو عاتكة منكر الحديث. هةرضةندة ئةم فةرمود لاوازة بةلاَم دةيان ئايةتى قورئان فةرمودةى رِاستى ثيَغةمبةر هةية هانى موسلَمانان دةدةن بؤ خويَندن و خويَندةوارى، وةك ئايةتةكانى (إقرأ باسم ربك الأكرم، ن والقلم وما يسطرون، هل يستوي الذين يعلمون والذين لايعلمون...وة فةرمودةى ثيَغةمبةر (د.خ): قال رسُول اللهِﷺ: ((فضلُ العالم على العابد كفضلي على أدناكم)). ثمَّ قالَ رسُول اللهِ ﷺ: ((إنَّ الله وملائكته وأهل السَّموات والأرض حتَّى النَّملة في جحرها وحتَّى الحوت ليصلُّون على مُعلِّم النَّاس الخير)) رواه الترمذي٢٦٨٥و صححه الاباني). چەندین ئایەت و فەرمودەی تر).

٣٧- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٨٩-١٩٠.

حاجی دەزانێ لەلایەن مەلاکانەوە دژایەتی دەکرێت بۆیە دەڵێ ئەگەر مەلا ڕێگری خوێندنی کردو بە ناڕەوای زانی ئەوە دینی نیەو لەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر تێنەگەیشتووە.

حاجی دوای گەشتی ئەستەمبوڵیش خەمەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووەو هەموو کات لە خەمی باشتر کردنی باری ژیانی میللەتەکەیدا بووەو لەو بارەیەوە دەڵێ:

قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت... خەوم نایێ لەداخی موڵك میللەت

ئەگەر وەك من خەبەرداربن لە دەوڵەت... لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت

چوار ملیۆنە کوردستان نفوسی... بەقسەی ئەهلی تەخمین کە نووسی

هەموویان شێری بێشە حاتەمی جوود... لەشەڕدا کێوی (جوودی بەحری مەمدوود)

وەلێکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن... لەدەعوادا لەگەڵ یەکتر بەمەرجن

لە گوێی گا نوستوون هەرچەندە شێرن... وەکو کەروێشکی چاو ڕاماو و کوێرن

ئەوی ئەعلایە سەردەستەی شکارە... ئەوی ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە[38].

حاجی وەك زانایەکی ئاینی بیرڕوناك و وەك خوێندەوارێکی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی باس لەخەمە گەورەکانی خۆی دەکات، باس لەوە دەکات ئەگەر میللەتەکەیشم وەك من ئاگاداری گۆڕانەکانی سەردەم و دواکەوتووی خۆیان بوونایە بەبێ پەت خۆیان دەخنکان، هەرچەندە ئێمە میللەتێکی چوار ملیۆنین بەتەخمینی سەردەمی حاجی، لەڕووی ئازایەتی و بەخشندەییەوە خاوەن ئەخلاقی بەرزو بێوێنەن، بەلاّم سەد مەخابن لەناوخۆیاندا ناکۆك و یەکنەگرتوون، لەڕووی هۆشیاریەوە زۆر بێئاگان، هەر ئەمەیش وای کردووە بەدەم پێشهاتەکانی سەردەمەوە نەچن و نەتوانن دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن، حاجی قادر بە پێوەری سەردەمی خۆی ڕەخنەگرو ڕیفۆرمیستێکی کۆمەلاّیەتییە.

## باسی چوارەم

## پێکەوە گرێدانی چەمکی ئاین و سیاسەت لای حاجی قادر

حاجی قادر لە دەرگایەکی بڵندو فراوانەوە چووە ناو مێژووی ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردەوە، وەك شاعیرێکی پایەبەرز، سیاسیەکی ژیر، نەتەوەپەروەرێکی دڵسۆز، داناو زانایەکی ئاسۆگەش و فراوان، حاجی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامی و تەنویری لەلا دروست بوو کە هێشتا لە مەڵبەندی خۆی بوو لە کوردستان، ئەمە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئاسۆی بیری لەو کاتەدا فراوانتر بوو کە وڵاتی خۆی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەستەمووڵ، بێگومان هۆی کۆچکردنی حاجی ئەوەبوو بیروباوەڕە تەنویرییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی کاربەدەستانی مەڵبەندی خۆی ڕێکنەدەکەوت[39].

لە سەردەمی حاجی قادری کۆییەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕۆڵی سیاسی دین دەست پێدەکات، ڕۆڵێك جیاواز لە ڕۆڵەکانی دین لە قۆناغەکانی پێشتردا، لەو سەردەمەوە دین لە مێژووی ئێمەدا ڕۆڵێکی ڕاستەخۆ دەبینێت لە دروستبوونی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا، بێگومان بەو مانایە نا کە دین بزوتنەوەکە دروست دەکات، بەڵکو بە مانای بوونی بە بەشێك لە بزوتنەوەکە، بۆ نموونە دین کۆمەڵێك چەمکی گرنگ بە مەسەلەی

---

[38] - حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٢٧-٢٢٨.

[39] - بڕوانە: دکتۆر مارف خەنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، ل ١٦٢-١٦٣.

نەتەوایەتی دەبەخشێت، لە چەمکی فیداکاری و شەهید بوونەوە بیگرە بۆ چەمکی خۆشەویستی نیشتمان، چەمکی خۆشەویستی نیشتمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبێتە یەکێك لە چەمکە هەرە گرنگەکانی فیکری ناسیۆنالیستی کوردی و عەرەبی و فارسی نەتەوە موسڵمانەکانی تری ئەم ناوچەیە. واتە دین لە ئاستی بەخشینی کۆمەڵێك چەمك و پێناس و وێنەدا بە ناسیۆنالیزم دەورێکی گرنگی بینیوە[٤٠].

مێژووی هاوسەردەمی حاجی قادر باس لەو واقیعە تاڵە دەکات کە کورد هەم بەدەستی خۆی هەم بە پلانی بێگانە، میللەتێك بووە بەش بەش و نائاسودەو زامدار، ئەم میللەتە لە هەژاری و بێدەرەتانیەکی بێوێنەدا ژیاوەو نەخوێندەواری و دواکەوتن هەموو توانایەکیان بۆ بیرکردنەوە لە خۆی لەبوونی خۆی لەناو مێژوودا لێسەندوەتەوە، لەلایەکی ترەوە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەوسای کۆمەڵگای ئەوەندە دواکەوتوو بوون و ناکۆکیە نێوخۆیەکان ئەوەندە زاڵبوون بوون، کە بۆ ساتێکیش نەپەرژاون بیر لەناسنامەی خۆیان بکەنەوەو کۆمەڵگاکەیان بەو جۆرە رێکبخەن، کەسودی خۆیانی تێدابێت، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە ئەوەندەی لەڕووی دەروونیەوە سەرکوتکراون و ئەمەیش بەرەو خۆبەکەمزانین و خۆبچووکردنەوەی بردوون، هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە چەوسێنراونەتەوە و ملکەچ کراون کە ئەمەیش بێدەسەڵاتی کردوون، ئەم دوو فاکتەرەیش ئەوەندەی هانیداون بۆ خۆگونجاندن، ئەوەندە هانی نەداون بۆ خۆدۆزینەوەو خۆدروستکردن.

بۆیە ناکرێ لەناو ئەو بارودۆخەدا مرۆڤ بیری لەکات و سەردەمی خۆی کردبێتەوە، زەینی مرۆڤی کورد لەو سەردەیەدا زەینیەتێکی چەقبەستووەو سەرقاڵە بەخۆگونجاندنەوە، نەك بە ژیان لەناو گۆڕانکاریەکاندا، کەچی بەشێکی دیاری شیعرەکانی حاجی قادر بەپێچەوانەی ئەم سیاسەتی خۆگونجاندنەوە باس لە گۆڕان و تێپەڕینی خێرای کات و ژیان دەکات لە هاوکاتیدا[٤١].

## باسی پێنجەم
## پێکەوە گرێدانی ئایین و چەمکی نەتەوە

حاجی قادر یەکەم شاعیری کوردە لە دوای ئەحمەدی خانی کە دینی بۆ خزمەتی پرسی نەتەوەو نیشتمان بەکارهێناوە، ئاین دەورێکی گرنگی بینیوە لەبەرەو پێشبردنی لایەنی بیرو تەشریع و ئەدەب و کەلتورو زۆر بواری تری ژیانی گشتی گەلاندا، گەلی کوردیش وەك گەلێکی موسڵمان کاریگەری زۆری بنەما بەرەزەکانی ئیسلامی بەسەرەوەیە، وەك پەیوەندیە خێزانیەکان و ڕاستگۆیی و هاوکاری کردن و ڕەتکردنەوەی ستەم و کاری بەدڕەوشتی، ئەمە جگە لەوەی کە لە مزگەوت و حوجرەی مزگەوتەکاندا هەزاران زاناو شاعیرو خوێندەواری گەورە پێگەیشتوون و ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا ناو و بەرهەمەکانیان دیارەو سەدان شاعیری گەورەی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی و مەولەوی و مەحوی و سەدانی تر، کە مێژووی ئەدەب و هزرو ڕۆشنبیریان بنیات ناوە[٤٢].

---

[٤٠]- بڕوانە: مەریوان وریا قانیع، دین و دونیا چەند سەرنجێك دەربارەی شوێن و ڕۆڵی دین لە کوردستاندا، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی، ل ١٧٢-١٧٣.

[٤١]- ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی خوێندنەوەیەك بۆ مانای کات لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ز، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك، ل٧١-٧٢.

[٤٢]- بۆ نمونة سةیری: الملا عبدالكريم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الأولى١٤٠٣هـ١٩٨٣م، دار الحرية- بغداد، ص ٧ وما بعدها.

وەکو بیستوومە بۆ دەفعی مەسائیب... ئەمە تەدبیری کورت و فکری سائیب

لە دەشت و دێ و ویلایەت ببنە ئەحباب... وەکو شەخسێکی واحید بن لەهەر باب

لە بۆتان تا بابان و سەرحەدی ڕەی... لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی

ببینە یەك لە تەعلیم و لە نووسین... جلوبەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین[٤٣].

لەم دێڕە شیعرانەدا حاجی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی گەیشتووەتە ئاستێکی کامڵ و داوای یەکێتی گەلی کورد دەکات لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، هەروەها داوای یەك پرۆگرامی خوێندنی یەکگرتوو دەکات، چونکە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی گەورە دەبێنێ لە هۆشیارکردنەوەی میللەتانداو لە دروستکردنی یەکێتی فکری و ئامانجی هاوبەشدا، لەهەمان کاتدا دوای پاراستنی کەلتووری کوردی و جلوبەگ و نووسین بە زمانی کوردی دەکات، ئەم بۆچوونانەی حاجی زیاتر لەیەك سەدە پێش کاتی خۆیان کەوتوون ئەمەیش بەڵگەی هۆشیاری و بلیمەتی ئەو شاعیرە گەورەی کوردن.

لەڕووی سیاسیشەوە زۆر گەلان سودیان لە چەمکەکانی ئاین وەرگرتووەو دەوڵەتی گەورەیان دروستکردووە، وەك عەرەب و فارسەکان و عوسمانییە تورکەکان، لەسەردەمی نوێدا کورد توانی لەژێر کاریگەری چەمکە ئاینی و پەیوەندیە ئاینیەکاندا شۆڕشی ڕزگاریخوازی بەرپا بکات، ئەگەر ئەو شۆڕشانە نەگەیبنە پلەی سەرکەوتن و دروستکردنی دەوڵەتیش، بەڵام کوردیش توانیویەتی سود لەو ڕەهەندە ئاینیە وەربگرێت و بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی سودی لێوەربگرێت[٤٤].

حاجی قادر وەك کەسایەتیەکی ئاینی، وەك مەلایەکی خوێندەواری سەردەمی خۆی دەیەوێت لە هەناوی ئاینەوە بانگی ڕزگاری نیشتمانی بدات، حاجی بۆچوونی وایە دەکرێت ئاین بکرێتە هۆی یەکێتی بیرو گیانی شۆڕشی نیشتمانی و پاڵنەری ڕزگاری گەلان، هەروەها داوا دەکات کە کوردیش ئەو گیانە ئاین پەروەرەیەی هەیەتی بیکاتە تێشووی شۆڕشی ڕزگاری گەلەکەی، دەڵێ:

حاکم و میرانی کوردستان... هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

یەك بەیەك حافیزی شەریعەت بوون... سەیدی قەوم و شێخی میللەت بوون[٤٥].

حاجی لێرەدا شانازی بە مێژووی نەتەوەکەیەوە دەکات و باس لەوە دەکات کە میرەکانی کورد سەرکردەو پێشەواو دڵسۆزی میللەتی خۆیان بوون، لەهەمان کاتدا پارێزەرو خزمەتکاری شەریعەت بوون، ئێستایش ئەگەر کورد دەوڵەت و دەسەڵاتی بێت هیچ پێچەوانەی ئایین و شەریعەت نیە، بەڵکو ئەو دەوڵەتە دەبێتە جێبەجێکەرو پارێزەری شەریعەت و میللەت، ڕەنگە لەسەردەمی حاجیدا باس لەوە کرابێت کە نابێت کورد دەوڵەتی هەبێت دەبێت هەموو گەلانی موسڵمان لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا بن و نابێت گەلانی موسڵمان پارچە پارچە ببن، حاجی لێرەدا باس لەوە دەکات هەبوونی دەوڵەتی کوردی هێزە بۆ شەریعەت نەك دژی بێت.

ئەو ڕۆژگارەی حاجی لە ئەستەمبوڵ بووە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلان لە جوڵانەوەدا بووەو دەستەو گروپ و ڕێکخراویان هەبووە، یەکێك لەو گەلانە لەو کاتەدا لە ئەستەمبوڵ لە هەوڵی بزاڤی ڕزگاریدا بووە ئەرمەنەکان

[٤٣]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣١.

[٤٤]- بۆ نمونە سەیری: د.جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ل ١٦٠بەدواوە.

٤٥- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢١٢-٢١٣.

بوون، هەم ڕێکخراوی سیاسی و هەم ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیان هەبووە، حاجی لە چەند جێگەیەکدا هەوڵی داوە لە ڕێی وروژاندنی هەستی ئاینیەوە کورد بەرەو هەستی نەتەوەیی و ڕزگاری خوازی کێش بکاتە ناو ڕێگای خەباتەوە، وەك دەڵێ:

خاکی جزیرو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان

وا ڕێگەتان دەبەسرێ عێلاتی جاف و بڵباس

گەر مردوون لە گەرمێن مەمنوعە بچنە کوێستان

کامی کچ و هەتیوی شیرین بێ ڕایدەکێشن

هاوار دەبەنە بەر کێ؟ پەشمە دەخیل و ئامان

مەسجید دەبێتە دێرە، ناقووسیان موئەززین

مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە ڕەهبان[٤٦].

لەم شیعرانەدا حاجی قادر باس لەبابەتی بانگەشەی ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان دەکات، کە گوایە ئەمە خاکی ئەوانە، لەو ڕۆژگارەدا ئەمەنەکان ئەو بانگەشەیان کردوە، هەروەها ئەم بابەتە بۆ وروژاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینییە یان لای تاکی کورد، لێرەدا زیاتر وەك هەستێکی شاعیرانە ڕەنگە حاجی ویستبێتی هەستی ئاینی کورد کەلەو سەردەمەدا بەهێزترین هەست بووە بوروژێنێ بەو پێیەی ئەرمەنەکان مەسیحین و کورد موسڵمانە، هانی کوردان دەدات کە پێش ئەوەی خاکەکەتان داگیر بکرێت و نەخشەی سیاسی بگۆڕێ و ڕێگای کۆچی گەرمیان و کوێستان لە جاف و بڵباس بگیرێت، کە لەو سەردەمەدا زۆرینەی کورد کۆچەر بوون، داوا دەکات کورد ڕاپەڕێت و لەسەر خاکی خۆی دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنێ پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستی داگیرکەر، حاجی زۆر بلیمەتانە لە هەستی ئاینی کورد دەدا هانی شۆڕشی دەدات، پێش ئەوەی مزگەوتەکانیان بکرێتە دێر و مەلاو موفتیەکانیان بکرێنە قەسیس ڕەهبان، لێرەدا حاجی زۆر زیرەکانە تەوزیفی هەستی ئاینی بەرەو بنیاتی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و حەسرەت بۆ سەردەمی سەربەخۆبوونی کورد هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون

سوڵتانی موڵك و میللەت ساحێبی جەیش و عیرفان

جۆشێك بدەن وەك هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیداکەن تۆپ و تفەنگ و هاوەن[٤٧].

لەم دێڕە شیعرانەدا حاجی باس لە چەمکەکانی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکات، سەردەمێك کە کورد خاوەنی سوپا و هێزی سەربازی و هێزی خوێندن و زانیاری و زانای گەورە بووە، داوا دەکات لەکاتی ئێستایشدا هەوڵ بدەن هۆیەکانی ڕزگاری وەك یەکێتی میللەت و کۆبوونەوەی لەسەر ئامانجی نیشتمانی و پەیداکردنی چەك و تفەنگ بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری و ڕزگاری دەستبخەن.

٤٦- حاجی قادری کۆیی، دیوان حاجی قادری کۆیی، ل ٩٣-٩٤.

٤٧ - حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٩٦.

حاجی قادر لە هەستێکی پاکی کوردانەوە لەگەڵ خوای گەورە ڕازونیازی(مناجات) دەکات، لەو خواپەرستیە نهێنییە بێدەنگەدا بە تەنهایی لەگەڵ خوای گەورە دەدوێت، بەڵام بەزمانی کوردی ستایش و تەسبیحاتی خوای پەروەردگار دەکات، حاجی لەو پەیوەندیە ڕۆحیە بێدەنگەدا دەڵێ:

مەعلومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بەکوردی

تاکەس نەڵێ: بەکوردی نەکراوە مەدحی باری[٤٨].

لێرەدا حاجی دەگاتە لوتکەی خواپەرستی بێگەردو میللەت پەروەری، میللەتێك خوای گەورە بوونی جیاوازی زمانەکەی بەگەورەیی دەسەڵاتی خۆی دابنێت[٤٩]، بۆ بەو زمانە لەگەڵ خوای گەورە نەدوێ؟ بۆئەوەی هەموو گەلانی موسڵمان خاوەنی مێژوو ناسنامەو زمان و مێژووی تایبەت بەخۆیان بن، بۆ ئەوەی هیچ گەلێك زیادەیەکی بەسەر ئەوانی تردا نەبێت و هەموو بەرگری لەناسنامەی خۆیان بکەن، هەموویان برەو بە کەلتووری ڕۆحی و تەشریعی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری خۆیان بدەن لە ئامێزی پەیامێکی ئاسمانی خواییدا، حاجی دەیەوێت لەناو جیهانی خواپەرستی و دینداری بە زمانی کوردی لەگەڵ پەروەردگاری دەدوێ.

## باسی شەشەم

## ڕاستکردنەوەی ناڕەوابوونی خـوێندن و زانیاری بەزمانی کوردی

لەسەردەمی حاجی قادردا کوردستان گیرۆدەی دەردی نەخوێندەواری و پاشکەوتووی بووبوو، تەنها کەناڵێك کە حاجی هەوڵی داوە لەو ڕێگەیەوە گەلەکەی هۆشیار بکاتەوە شیعر بووە، ئەم شاعیرە هۆشیارە لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژاوەو بانگی میللەتەکەی کردووە بۆ خوێندن و خوێندەواری، لەهەمان کاتدا خوێندنی بەتەنها ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی گەلەکەی زانیوە، بەڵام یەکێك لەو هۆیانەی وای کردووە کورد بە زمانی نەخوێنێ تێگەیشتنی هەڵە لەدین و ئەو تەفسیرە کورت بینە بووە بۆ ئاین کراوە، بۆیە حاجی لە شیعرێکدا ئاماژە بەو بۆچوونە هەڵە دەکات و دەڵێ:

کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین... بۆچ کفرە زوبانمان بنووسین

میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین... غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین[٥٠].

لێرەدا شیعرەکە ئاماژەیەکی تێدایە ڕەنگە هەندێ کەس بەناوی ئاینەوە کوردی خوێندنیان بەحەرام زانیبێ بۆیە حاجی باس لەوە دەکات و دەڵێ: ئێمە گەلێکی موسڵمان و باوەڕدارین و نەتەوەی ڕووس نین، ئیتر بۆچی کوردی خوێندن بە کوفر دابنرێت بۆ کورد، واتە ئەو بۆچوونە هیچ پاڵپشت و بەڵگەیەکی ئاینی نییە جگە لە خراپ تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئاین هیچی تر نیە، هەموو گەلان خاوەن زمان و خوێندن و کتێبن بە زمانی خۆیان و تەنها کوردە لەو ناوەندەدا لەگەلان بەجێماوە.

هەر دەربارەی زمانی کوردی لە شیعرێکی تردا زۆر بەتوندی بەگژ ئەوانەدا دەچێتەوە کە خوێندن و گوتاردان وەعز خوێندنەوە بەزمانی کوردی بەناڕەوا دەزانن و لەسەر ئەو وەهمە بەتاڵ و بێبنەما ماون دەڵێ:

---

٤٨ - حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٥١.

[٤٩]- خوای گەورە دەربارەی جیاوازی زمان و ڕەنگ دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ ﴾ سورة الروم:٢٢. واتە: لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوا دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی وجیاوازی زمان و ڕەنگی ئێوەیە، لەمانەدا نیشانەی گەورە هەیە بۆ هەموو جیهان.

٥٠- حاجی قادرکۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٥٨.

کەس نەماوە بە غەیری کاك "ئەحمەد"... شەیخی "مەعرووف" و عالیمی ئەرشەد
چاکە ئێستا دەکا لەبۆ کوردان... تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان
واقیعەن خزمەتی لەبۆ خوایە... چ دەبوو گەر بەکوردی نەبوایە
هەرکە وای گوت: وەها موکەدەر بووم!... وام دەزانی کەوا لەدین دەرچووم
گوتم: ئێساش لەسەر کەری ماوی؟... چابوو مستم نەدا لە نێو چاوی[٥١].

بەهەمان شێوەی پێشوو لەم دێڕە شیعرانەدا ئاماژەیە ئەوەی تێدایە کە خوێندن و تەفسیری بنەماکانی دین لای ناوەندە کوردیە ئاینیەکەو کۆی گشتی خەڵکی جۆرێك لەنارەوا بوونی تێدابووە، بۆیە ڕەخنە لە کەسێکی وەك کاك ئەحمەدی شێخ دەگرن کە گوایە بە کوردی تەفسیری بنەماکانی دین دەکات، حاجی ئەوەندە هەستی کوردایەتی بەرزە و ئەوەندە دژی شتی بێبنەمایە بەناوی ئاینەوە، زۆر تێکدەچێت و وەختە بە مستەکۆڵە بدات لەو ابرایەی ئەو قسەنارەوا دەکات بەرامبەر زمانی کوردی.

## باسی حەوتەم

## سود وەرگرتن لە شارستانی ئەوروپی

خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەڵوێستی حاجی قادری کۆیی و ڕابەرانی بیری چاکسازی ئیسلامی میسر، بەتایبەتی هەڵوێستی هەریەك لە جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا، هەریەك لە حاجی و ئەو ڕێبەرانەی بیری چاکسازی کە زۆر سەرسامن بە شارستانی ئەوروپی و داوا لەگەلانی ڕۆژهەلأت دەکەن چاو لەوان بکەن، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە دەبێت حاجی لە ئەستەمبوڵ جەمالەدینی نەناسیبێ و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەو هەوڵە چاکسازیەکانی؟ یان لە ڕێگەی گۆڤارو بلأوکراوەکانی ئەو ڕێبازەوە بەتایبەتی گۆڤاری (العروة الوثقی) ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا نەکردبن و خولیای بیری ئیصلأحی ئیسلامی سەردمی نوێ نەبووبێت؟ هەرچەندە ڕەنگە زەحمەت بێت بتوانین بەپێی سەرچاوە ئەو دوو گریمانەیە بسەلمێنین، بەلأم لەڕووی بیرکردنەوەو بۆچوونەوە هاوشێوەییەکی تەواو لە نێوان بیری حاجی و قوتابخانەی چاکسازی جەمالەدین و شێخ محەمەد عەبدەدا هەیە.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی چاکسازی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە بریتی بوون لە نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و دوور کەوتنەوەی لە قوڵبوونەوەی زمانەوانی و خورافیات و ئیسرائیلیات و سود وەرگرتن لە شارستانی ڕۆژئاواو گرنگیدان بە ڕۆژنامەو گۆڤار بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتان و ڕزگاری نیشتمانی و هەوڵی پێشکەوتن، ئەگەر بەوردی سەیری شیعرەکانی حاجی قادر بکەین دەبینین کە حاجی ئاماژەی بەو تەوەرە سەرکیانە داوەو بانگەوازی بۆ دەکات، لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەندێکیان بدەین:

**یەکەم: ڕەخنە گرتن لە بەرنامەی خوێندنی کۆن:** حاجی قادر لە چەند دێڕە شیعرێکدا ڕەخنە لە شێوازی خوێندنی کۆن دەگرێت و داوای نوێبوونەوەو گرنگیدان بە زانستە جۆراوجۆرەکان دەکات و دەڵێ:

باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو ... نەبڕایەوە بوو بە تری خەسرەو
قەید و تەزبیب و حاشیەو ئیعراب... هەموو بابردی بوونە مەوجی سەراب[٥٢].

[٥١]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٦-٢٣٧.

لەم دێڕە شیعرەدا حاجی ڕەخنە لە شیعرو ئەدەبی شاعیرانی پێش خۆی مەنهەجی خوێندن دەگرێت و باس لەوە دەکات زانست و زانیاری هەر خۆقەتیسکردنی بەهەندێ کتێبی کۆن و بابەتەکانی فیقهو زمانی عەرەبی و وازهێنان لەهەموو زانستێکی تر، شاعیرانی پێش حاجی زۆربەی شیعرەکانی باسی زوڵفی یارو چاوی جوان ئەو جۆرە بابەتانە بوو زۆر کەم لایان بەلای نیشتمان و کێشەکانی کۆمەڵدا دەکردەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

ئێستە مەعلومی بوو هەموو میللەت... ئەی مەلای دەرس و موفتیی ئومەت

قەیدو تەزبیب و شەرح و حاشیەکان... بوونە سەدی مەعاریفی کوردان[٥٣].

لەسەردەمی حاجی و هاتنی سەرەتاکانی پێشکەوتنی پیشەسازی و زانیاری ئەوروپا بۆ جیهانی ئیسلامی هەموو کەس بۆی ڕوون بووەتەوە کە خوێندن و زانست تەنها کتێبەکانی فیقهو زمانی عەرەبی و چەند زانستێکی تری وەك عیلمی کەلام و مەنتیق نیە، بەڵکو زانستەکانی سەردەمی نوێ پێویستی ژیان میللەت و پێشکەوتنی گەلان، وە زانست تەنها ئەو قەید و تەزبیب و حاشیانە نیە، ئەو بۆچوونەی کە زانستی نوێ حەرام دەکرد بۆچوونێکی هەڵەبوو، هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆرێك لە مەلای کورد خوێندنی قوتابخانەو نوێیان بەحەرام زانیوە، بەلاَم ڕوناکبیرێکی وەك حاجی سەدەیەك پێش ئەوان داوای خوێندنی هەمەجۆری کردووە.

لە جێگەیەکی تردا دەڵێ:

عولەمامان بە قەولی بێ سەروپا... پاکی خنکا لە بەحری وشکی هەوا

سەنعەتێك فێر نەبوون لەپاش تەحسیل... سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل[٥٤].

زانایانی ئێمە کە بەرهەمی خوێندنی حوجرەو مزگەوت بوون و تەنها زانستە ئاینیەکانیان و زمانی عەرەبیان خوێندووە، ئەم خوێندنە فێری هیچ پیشەو کارێکی نەکردوون، حاجی خوێندنی زانستی و پیشەسازی بە پێویست دەزانێت، بۆیە داوا دەکات کە کورد گرنگی بە بوارە جیاوازەکانی زانست و پیشەسازی بدەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا حاجی خۆی دەرچووی مزگەوت و خوێندنی حاشیەو قەید و تەزبیب بووە، بەلاَم ئەمە ڕێگای ئەوەی لێناگرێت ڕەخنە لەو پرۆگرامە بگرێت داوای گۆڕین نوێکردنەوەی بکات، هانی میللەتەکەی بدات گرنگی بە خوێندنی زانسیتەکانی تریش بدەن[٥٥].

دووەم: شارستانی ئەوروپا: یەکێك لە سیماکانی شیعرو دنیابینی حاجی قادر ئەوەیە زۆر بە ئیجابی باس لەو شارستانیەتە دەکات و داوا لە میللەتەکەی دەکات چاو لەگەلانی ئەوروپا بکەن و هەوڵ بدەن گەل و نیشتمانەکەیان لە دواکەوتووی ڕزگار بکەن، لە یەکێك لەو دێڕە شیعرانەدا دەڵێ:

لە غەیری ڕۆمی و ئینگلیز و ڕووسی... بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنووسی

لە جێی خۆیان هەستاون بە غیرەت... لەدنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت

سەراپا ساحێبی سککەو سوپاهن... وەکوو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن

لە تەدبیری ئومووری موڵکی خۆیان... شەریکن پینەدۆزو شاه و گاوان[٥٦].

---

[٥٢]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٣٢.

[٥٣]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٢٦.

٥٤- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٢٣٣.

٥٥ بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢ل ٢٦٤.

حاجی باس لەوە دەكات كە هەموو گەلانی وەك وەك تورك و ئینگلیزو ڕووس و چەندان نەتەوەی تر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە ڕێگەی هەستان و بەرپاكردنی و شۆڕش و ڕاپەڕینەوە بوونەتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لە كاروباری سیاسیدا و پرسی چارەنووسسازدا هەموو هاولاتیەكی خۆیان بەشداری پێدەكەن بێ جیاوازی، هەتا ئاستی پینەچی و شوان و گاوان، لێرەدا حاجی باس لەو سیستمە سیاسی و كۆمەڵایەتیە ڕۆژئاواییە دەكات بە گرنگ وەسفی دەكات.

لە جێگەیەكی تردا حاجی سەرسوڕمانی خۆی بەشارستانی ئەوروپا دەردەبڕێت و دەڵێ:

ئەی خەریكی ڕازو نازو نیاز...ئەوروپا فەنی گەییوەتە ئیعجاز

قولەی (ئیڤل)ی لە ئەفلاكە...عەكسی ئەو گەردشی لەژێر خاكە

كورەیی ئەم زەمینەیان پێوا... خاتری تۆبێ چوونە جەوی سەما[57].

حاجی ئەوەندە شارستانی ئەوروپای بەلاوە گەورەو گرنگە بە ئیعجاز ناوی دەبات، ڕوو دەكاتە ئەو كەسانەی كە هێشتا خەریكی خورافیات و فالگرتنەوەن و دەڵێ: واز لەو بیرە پاشكەوتووە بهێنن و سەیری ئەوروپا بكەن چۆن لە ڕێگەی زانست و زانیاریەوە پێشكەوتوون، لەڕووی بیناكاری و دروستكردنی قولەی (ئیڤڵ)[58]و چوونە زەوی و هێڵی ئاسن و پێوانی گۆی زەوی و دروستكردنی فڕۆكەو چوونە ئاسمان[59].

هەر لەبارەی شارستانی ئەوەپاوە دەڵێ:

بەقسەی موخبیرو موئەریخی كۆن... میللەتی چینە چوارسەد ملیۆن

سەربەسەر دەوڵەتی هەموو ژاپۆن.... زۆر بەزەحمەت دەگاتە چل ملیۆن

ئەهلی ژاپۆن بە فەن و صنعەتی چاك... سەیری چۆن چینی گرت و كردی بەخاك[60].

ئەم شیعرانە بەڵگەی هۆشیاری و ئاگاداری ڕوداوەكانی سەردەمی خۆی بووە، ئەوەیش بێگومان لەڕێگەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوكراوەنەوە كە دەگەیشتنە شاری ئەستەمبوڵ و حاجی دەیخوێندنەوە، حاجی باس لەوە دەكات كە چۆن ژاپۆن بەهۆی ئەو شۆڕشی پیشەسازی و هونەرەوە پێیگەیشتووە چۆن توانی داگیر بكات و بیكاتە خاكی خۆی، دەبا گەلانی ترو گەلی كوردیش چاو لە ژاپۆن بكەن و لەو ڕێگەوە پێش بكەون[61].

**سێیەم: ڕۆژنامەو گۆڤار:** قوتابخانەی ئیسلاحی ئیسلامی زۆر گرنگی بە ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوكراوە دەدات و باوەڕیان وایە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت میللەت هۆشیار بكرێتەوەو ئیسلاح بكرێت و بەرەو داهاتوویەكی گەشتر ئاراستە بكرێت، جەمالەدینی ئەفغانی لە میسر چەند ڕۆژنامەیەك دەردەكات و هانی هەواداران و گوێگرانی دەرسەكانی دەدات ڕۆژنامە دەربكەن و گوتار بۆ ڕۆژنامەكان بنووسن، دەركردنی گۆڤاری (العروة الوثقى) یەكێك

---

[56]- حاجی قادری كۆیی، دیوانی حاجی قادری كۆیی، ل٢٣٠-٢٣١.

٥٧- حاجی قادری كۆیی، دیوانی حاجی قادری كۆیی، ل١٨٩.

٥٨- قولەی ئیڤل: لە ساڵی ١٨٨٩زدا، لەلایەن ئەندازیاری فەرەنسی (ئیڤڵ) دروستكراوە یەكێكە لە مەشخەڵەكانی (معالم) شاری پاریس لە فەرەنسا، ئەمەیش بەڵگەیە كە حاجی قادر ئەو شیعرەی دوای ئەو مێژووە داناوە.

٥٩- بڕوانە: رشيد فندي، الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادري الكويي، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، مطبعة حجي هاشم- أربيل، ص ١٣٨.

٦٠- حاجی قادری كۆیی، دیوانی حاجی قادری كۆیی، ل١٩٢.

٦١- بڕوانە: رشيد فندى، الفكر القومى الكوردى بين خانى وحاجى قادرى كويى، ص ١٣٩.

لەهەوڵە دیارو بەرچاوەکانی لەگەڵ شێخ محەمەد عەبدەی هاوکاریدا بلاَوی کردەوە، یەکێك لەو جێگایانەی کاریگەری جەمالەدین و گۆڤاری (العروة الوثقى)یان لەسەر بووە شاری ئەستەمبوڵی سەردەمی حاجی قادر بووە[٦٢]، ئەگەری ئەوە بەهێزە حاجی لە ڕێگەی گۆڤاری (العروة الوثقى) و هەوڵەکانی جەمالەدین لە ئەستەمبوڵدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئاراستە فکریەکانیان.

حاجی ئاماژە بەوە دەکات کە سەردەمەکە گۆڕاوەو ئێستا باوی زۆر بابەتی کات بەسەرچوو نەماوەو ڕۆژگارەکە سەردەمی ڕۆمان و ڕۆژنامە و زانستی هەمەجۆرەو دەڵێ:

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە... چراغی نازم و مونشی کوژاوە

لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە...ئەگەرچی مەقسەدە زانینی باوە[٦٣].

ئەو بزاڤە ڕۆشنبیری و زانستی و سیاسیە لە ڕۆژگاری حاجیدا لەشارێکی وەك ئەستەمبوڵدا لە جوڵەدا بووە[٦٤]، حاجی کەسێکی کەنارگیر نەبووە لەو واقیعە نوێیەو ڕۆژانە تێکەلاَوی خەڵك و ڕووداوەکان بووەو هیوای خواستووە میللەتی کوردیش سود لەو پێشهاتانە وەربگرێت و لەگەلانی تر داوانەکەوێت، لەو بارەیەوە دەڵێ:

کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەرپێ.... بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە ڕێ

بکا سەیری جەریدەو حاڵی میللەت... کتێبی تازەو حاڵی دەوڵەت

بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف... سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف

ئەگەر کارێك نەکەن لەم بەینەدا زوو... مەمالیك کاتەکی زانی لە دەست چوو[٦٥].

ئاماژەیەکی ئاشکرا لە شیعرەکانی حاجیدا ئەوەیە کە لەڕێگەی جەریدەو کتێبەوە دەتوانین لە حاڵی گەلان و خۆمان تێبگەین و ئاگاداری گۆڕانەکانی ڕۆژگاری خۆمان بین، ئەمەیش هاندانە بۆ خوێندنەوەو گرنگیدان بە ڕۆژنامەو کتێب و مێژوو، حاجی لە خەمی پەیدابوونێکی ڕابەرێکی لێهاتووی کوردایە هەتا بتوانێت ڕابەری گەلەکەی بکات و لە کاروانی ڕۆشنبیری و سیاسیی و ڕۆژنامەنووسی دوانەکەوێت، دوای خەمی حاجی قادر زۆری پێناچێت بەدرخانیەکان ئەو هیوایەی حاجی دەهێننەدی.

---

[٦٢]- بروانة: أحمد أمين، زعماء الإصلاح في العصر الحديث، ص ٦٢-٦٣.

٦٣- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٨.

[٦٤]- لەڕۆژگاری حاجی قادردا لەشاری ئەستەمبوڵ زیاتر لە (٤٧) ڕۆژنامە دەردەچوو، لەمانە (١٣)یان بە تورکی و ئەوانی تر بە یۆنانی و ئەرمەنی و عەرەبی و بولغاری و فەرەنسی و چەند زمانێکی تر دەردەچوون، ڕۆژنامەی تورکی وەك (ترجمان أحوال) و(تصور أفكار) بەناو خوێندەواری کوردیشدا بلاَو دەبوونەوە. بروانە: د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل٤٦-٤٧.

[٦٥]- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٢٩.

## کۆتایی توێژینەوەکە

**دوای ئەم توێژینەوە دەگەینە ئەم ئەنجامانەی کە:**

یەکەم: حاجی قادر بیرێکی ئایینی نوێ و ڕیفۆرمخوازانەی هەبووە، داوای چاکسازی ئاینی و نوێکردنەوەی بیری ئاینی کردووە، لە شیعرەکانیدا ڕەخنەی لە دیاردە خراپ و دزێوەکان گرتووە، داوای چاکسازی لە ڕەوشی دینداریدا کردووە، لەهەمان کاتدا لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە بەگژ بیری دواکەوتوو وخورافاتدا چووەتەوەو داوای کردووە ئەو بابەتە هەڵانەی تێکەڵاوی دینداری کراون و خەڵکی لێیان بووەتە دین، هەوڵبدرێت ئاین لەو جۆرە شتانە پاکبکرێتەوە.

دووەم: حاجی قادر بیرێکی ئاینی ڕوناك و چکاسازییانەی هەبووەو هەوڵی داوە لە ڕێگەی بیری ڕووناکی ئاینیەوە گەلەکەی هۆشیاربکاتەوەو هەر لەو ڕێگەوە هەوڵ و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی داوەو گەلەکەی بۆ ئەو ڕێبازە بانگکردووە، لەو پێناوەیشدا زۆر تێکۆشاوە، تەنانەت لە دوای خۆی شیعرەکانی دەبنە هۆی هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی و ڕووکردنیانە خوێندن و ڕۆشنبیریی و بیری ئازادی و تێکۆشانی نیشتمانی.

سێیەم: بێگومان کۆمەڵێك هۆکار یارمەتی گەشەکردن و دنیابینی حاجی قادریان داوە هەتا بتوانێت وەك شاعیرێکی نوێخوازو داهێنەر دەربکەوێت، لەمێژووی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردا، لە گرنگترین ئەو هۆیانە زیرەك و بلیمەتی خودی حاجی و شاری کۆیەو خوێندنگەکانیەتی، کە بەپێوەری ئەو کاتە شاری کۆیە بوژانەوەیەکی زانستی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تێدابووە، هەروەها مامۆستای پایەبەرز مەلای ئیبنوئادەمی باڵەکی، هەروەها لە هەموو ئەمانە گرنگتر گەشتی ئەستەمبوڵی حاجی، ئەو شارە فەرهەنگیەی ئەو سەردەمە وئەو جموجوڵە ڕۆشنبیری و سیاسی و ڕێکخراوەییە لەو ڕۆژگارەدا لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا دەگوزەرا، هەروەها بنەماڵەی بەدرخانیەکان و ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان بووە لەسەر جیهانبینی و ڕووناککردنەوەی بیری نوێخوازێکی وەك حاجی قادر.

چوارەم: حاجی قادری کۆیی پێشەنگی شاعیرە نوێخوازەکانی کوردستانە، ئەم شاعیرە بیر ڕووناکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە بانگی چاکسازی و نوێبوونەوەی داوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ، چونکە تاکە بوار کە دەستەی خوێندەواری کورد توانیویەتی لەڕێگەیەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەو پێشکەوتنی نەتەوەکەی بدات تەنها شیعر بووە لەو ڕۆژگارەدا، هەتا دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ز دا.

پێنجەم: حاجی قادر لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە هەوڵی چکسازی ئایینی داوە، بەگژ سیستمی بەناو شێخایەتی و دەروێشی و تەسەوفی دوور لە گیانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چووەتەوە، لەهەمان کاتدا داوای لە زانایان و موسڵمانانی کورد کردووە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی ئیسلام و ئەو شتانەی بەناوی ئاینەوە دروستکراون وازیان لێ بهێنن و بەوقسەی پڕوپوچ خورافیاتی کەسانێك نەخەڵەتێن، کە دەیانەوێت بەسەر شانی خەڵکەوە بژین بەناوی دینەوە.

شەشەم: حاجی قادری کۆیی پێشەنگی شاعیرانی بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییە لە مێژووی کوردا، ئەم شاعیرە بەهرەمەندە زۆر شانازی بەنەتەوەو زمان و مێژووی میللەتەکەی خۆیەوە دەکات، هەروەها داوایان لێ دەکات ڕووبکەنە خوێندن و خوێندەواری و گرنگیدان بە کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی، هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان بدەن و یەکگرتوو و یەکڕاو تەدبیر بن و سود لە پێشهاتەکانی

شارستانیەتی ئەوروپا وەربگرن، حاجی بڕوای وایە کە میللەتەکەی لەڕێگەی خوێندن و خوێندەواریی و شۆڕشەوە دەتوانێت بەمافەکانی خۆی بگات.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١-جەعفەر عەلی، دکتۆر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەلأت- هەولێر.

٢- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، موحەممەدی مەلا کەریم، سەعید کەرەمی، چاپی دووەم ١٣٩١هەتاوی، بلأوکراوەی کوردستان، سنە.

٣- خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم ٢٠١٢ز، سلێمانی.

٤- ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٠ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥- ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی خوێندنەوەیەك بۆ مانای کات لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ز، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك.

٦- عەبدولرەزاق بیمار، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی حاجی قادری کۆیی لە ژین و هەڵبەستیدا، بلأوکراوەی ڕۆڤار، ژمارە ٥٠.

٧- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم ١٣٩١ هەتاوی، بلأوکراوەی کوردستان، سنە.

٨- کەمال فوئاد، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٣) ٢٨ژوالحجە ١٣١٥هـ.

٩- کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم ١٩٨٥- بەغداد، بەرگی یەکەم.

١٠- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم ٢٠٠١ز، هەولێر.

١١- کەمال مەزهەر، دکتۆر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپی یەکەم ١٩٧٨ بەغداد.

١٢- مارف خەزنەدار، دکتۆر، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٠ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی چوارەم.

١٣- مەریوان وریا قانیع، دین و دونیا چەند سەرنجێك دەربارەی شوێن و ڕۆڵی دین لە کوردستاندا، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی.

١٤- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم ٢٠١٣، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

١٥- مەسعوود محەمەد، کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

١٦- مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرەکەیی مێژووی زانایانی کورد، چاپی یەکەم ٢٠١٠ز، دەزگاری ئاراس، هەولێر.

١٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم ١٣٨٩هەتاوی- سنە.

١٨- محەمەدی مەلا کەریم، دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم ٢٠٠٨ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٩- هێمن، هەواری خاڵی سەرجەمی نووسینی هێمن، چاپی دووەم ٢٠٠٦ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

٢٠- ئاراس ئیلینجاغی، حاجی کرمانجێك لە مەزنیدا، چاپی یەکەم ٢٠١٢کوردستان.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

القرآن الكريم.

٢١- أحمد أمين، زعماء الإصلاح في العصر الحديث، الطبعة الأولى ٢٠٠٥م، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

٢٢- جواد فقي على الجوم الحيدري، الدكتور، محمد بن عبدالله الجلي (مەلای گەورە)، الطبعة الأولى ١٤٢٧هـ ٢٠٠٦م، مكتب التفسير- أربيل.

٢٣- رشيد فندي، الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادري الكويي، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، مطبعة حجي هاشم- أربيل.

٢٤- عبدالكريم المدرس، الملا، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الأولى١٤٠٣هـ١٩٨٣م، دار الحرية- بغداد.

٢٥- عزالدين مصطفى رسول، الدكتور، أحمدي خاني شاعراً ومفكراً وفيلسوفاً ومتصوفاً، الطبعة الأولى ١٩٧٩م، مطبعة الحوادث- بغداد.

٢٦- عماد عبدالسلام رؤوف، الدكتور، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، الطبعة الأولى ٢٠١٢م، دار الزمان، دمشق- سورية، مكتب التفسير- أربيل.

٢٧- عماد عبدالسلام رؤوف، الدكتور، مراكز ثقافية مغمورة في كوردستان، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، أربيل.

٢٨- محمد الخال، الشيخ، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الأولى ١٩٦١، مطبعة التمدن، بغداد.

٢٩- محمد بن احمد المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي الى العراق، ترجمة: عباس العزاوي، الطبعة الأولى لشركة دار الوراق ٢٠٠٨.

## ملخص البحث باللغة العربية:
## الفكر الدينى للشاعر الحاج قادر الكويي

إن الشاعر الكوردي الحاج قادر الكويي يعد من الشعراء البارزين الكورد في النصف الثاني من القرن التاسع عشر الميلادي، ولد هذا الشاعر المتنور في أحدى القرى التابعة لمدينة (كوية) بمحافظة (أربيل)، تلقى تعليمه الأولي عن شيوخ بلدته، ثم رحل في طلب العلم وأخذ عن شيوخ كثيرين في مدن وقرى كوردستان، وبعد إكماله للتحصيل رجع الى بلدته كويسنجق، واستقر فيها.

بعد مدة ونتيجة لبعض الظروف، ترك الحاج قادر بلدته، وقام برحلته المشهورة الى اسطنبول وذلك في سنة (١٨٦٤) وبقي فيها الى أن توفي سنة ١٨٩٧م.

عرف الحاج قادر في الأوساط الثقافية الكوردية بأنه من كبار الشعراء الكورد المتنورين الداعين الى النضال القومي والتحرر من الظلم والاستبداد، وكانت أشعاره وقصائده نموذجاً فريداً في التوعية الثقافية والحماسة الوطنية، والشعور القومي الفياض.

إضافة الى ذلك فإن جهوده الإصلاحية على الصعيد الديني لم تكن أقل شأناً مما تقدم، وكان يدعو صراحة الى الإصلاح الديني وحقوق المرأة والتحرر من الأفكار الخرافية وترك الجمود وتنقية الدين الإسلامي من الشوائب وإبراز صورته الصحيحة.

إذن فأن هذا الشاعر المتنور مناضل وطني ومصلح ديني في آن واحد، وهناك عوامل عديدة أثرت وساهمت في تكوين هذه الشخصية الإصلاحية الفذة، منها:

أولاً: ذكائه ومواهبه الذاتية التي منحه الله له.

ثانياً: بيئته التي نشأ فيها، وكانت مدينة (كويسنجق) في عهد الحاج قادر تعد مركزاً علمياً مرموقاً، وتشهد تحولات ثقافية، مقارنة بمناطق أخرى في كوردستان.

ثالثاً: تأثره بأفكار وأسلوب من سبقه من أعلام الكورد البارزين وفي مقدمتهم: الشاعر الوطني أحمد الخاني (١٦٥٠م-١٧٠٧م)، والعالم الديني الكبير ابن آدم البالكي ١٧٥٠-١٨٢٢م.

رابعاً: رحلته الى اسطنبول، ومن ثم التقاؤه بعائلة البدرخانين وغيرهم من مناضلي الأمم المختلفة ومثقفيهم، إضافة الى اطلاعه على التغيرات السياسية والاجتماعية التي تشهدها الساحة الأوروبية بعد الثورة الفرنسية.

خامساً:تأثره بأفكار جمال الدين الأفغاني والشيخ محمد عبده، ومع ذلك فلا يوجد لدى الباحث دليل يدل على التقائه بجمال الدين الأفغاني في اسطنبول أم لا، ومن الممكن اطلاعه على توجهاتهم الإصلاحية عن طريق نشراتهم وبالأخص مجلة (العروة الوثقى).

لقد كان الشاعر الحاج قادر الكويي من طليعة الشعراء الكورد، الذين يدعون الى التقدم والإصلاح الديني والوعي القومي والتحرر الوطني، وهذا تحت تأثير الحركات الثقافية والسياسية ومنظمات المجتمع المدني التي تشهدها الساحة السياسية والاجتماعية في مدينة اسطنبول في تلك الأيام، لقد كان لهذا الشاعر الفذ دور الرائد في النهضة الدينية والثقافية والقومية في المجتمع الكوردي.


## ABSTRACT

### Religious Ideology of Haji Qadri Koyee

As a result of this research, I have concluded that a number of factors helped Haji Qadri Koyee in developing his worldview. As a modern poet, Haji Qadri Koyee wanted to compose modern and innovative poems in the cultural, political and social histories of Kurds. One of the influential factors behind his success was the smartness and distinction of Haji Qadri Koyee, Koya city and the city schools. During his time, Koya city witnessed scientific and social enlightenment. Haji Qadri Koyee's visit to Istanbul had impact over his character due to the genuine cultural, political and organizational movements that were flourishing in the capital of the Ottoman Empire. The family of Badrkhans also had impact over Haji Qadri Koyee's modern and enlightened worldview.

During the second half of the nineteenth century, Haji Qadri Koyee was considered the leader of Kurdistan modern poets. This enlightened poet had advertised for reform and modernization in the Kurdish society through his poems. This was due to the fact that poetry was the sole prominent method for national awareness and reform till the publication of the first Kurdish newspaper.

Through his poems, Haji Qadri Koyee worked on religious reform. He stood against tribal, dervish and so-called sophism rituals which do not match with the essence of Islam. He requested the prominent Islamic Kurdish figures and ordinary Muslims to refer to the essence of Islam in their work, and abandon those rituals that are not related to the essence of Islam, and would not be misled by some superstitious allegations said by some people who want to live on the expense of ordinary people through the use of religion.

Haji Qadri Koyee is the leading national and patriotic poet in the history of Kurdish poets. He was proud of his nation and his native language. He used to encourage his nation to eradicate illiteracy, read books and publish newspapers and magazines in Kurdish. He used to propose the idea of establishing a united national authority for the Kurds by making use of European civilizations. Haji Qadri Koyee believed that Kurds can achieve their rights through education and cultural renaissance.